

# کورد باوەڕی بە نەخۆشی دەرونی نییە

## لەهەموو کوردستان ژمارەی پزیشکە دەرونییەکان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت

راپۆرتی ئیسماعیل عوسمان

● فایزە غەفوری تەمەن 20 ساڵ لە بەشی دەروونیی نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشتبوو، خەڵکی دەرەوەی شارە، بەبێزاریی‌و بێتاقەتییەوە باسی لە نەخۆشییەکەی خۆی دەکردو هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو کاتەی چاوی لێبووە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی سووتاندووە، باری دەروونی بەتەواوی تێکچووە.
فائیزە کە خەڵکی دەرەوەی شارە، بەهۆی ئەو رووداوەوە تووشی نەخۆشی خەمۆکی بووە، نەخۆشێکی تر لەسەر نەقالەیەك راکشابوو، یەكێك لە کارمەندەکانی بەشەکە بەرەو ژووری (چارەسەر بە کارەبا) دەیبرد، دوای چەند کاتژمێرێك گەڕاندیانەوە، پاش ماوەیەك هۆشی هاتەوە بە خۆیداو دەستی بە قسەکردن کرد، چەند وشەیەکی پچڕپچڕی وت‌و دواتر هاواریکرد "من حەزم لە کچی جوانە".
بەشی دەروونیی نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی ماوەی چەندساڵێکە دامەزراوە، سەرەڕایی بوونی کەموکورتی لە بەشەکەدا، رۆژانە چەندین نەخۆش سەردانی ئەم بەشە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی دەروونیی لەلایەن دکتۆرو کارمەندانی بەشەکەوە.
لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا دوو بەشی دەروونیی هەیە لە هەردوو شاری سلێمانی‌و هەولێر، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشی دەروونیی منداڵان نییە، جگە لە سەنتەرێکی تایبەتیی دەروونیی منداڵان لە دهۆك کە پێشتر لەلایەن رێکخراوی (دیاکۆنیا)ی سویدییەوە بەڕێوەدەبرا.
لە هەردوو بەشی دەروونیی ناوبراودا 52 قەرەوێڵەی نەخۆشی تێدایە، کە بەرامبەر بە رێژەی دانیشتووانی هەردوو ناوچەکە لە ئاستی پێویستدا نییە.
بەشی دەروونیی شاری سلێمانی ژمارەی قەرەوێڵەکانی 32 قەرەوێڵەیە کە 16یان بۆ

پیاوانو 16یان بۆ ژنانە، لە کاتێکدا بەپێی سەرژمێرییەکانی کوردستان، ژمارەی دانیشتووانی سلێمانیو دەوروبەری بە شاری خانەقیشەوە نزیکەی 1880000 کەسە، کەواتە بۆ هەموو 56250 کەسێك یەك قەرەوێڵەیان بەردەکەوێت.

لە بەشی دەروونیی شاری هەولێریشدا 20 قەرەوێڵە دەبێت، کە ئەگەر بەپێی خەملاندن بێت، ژمارەی دانیشتووانی هەولێر 1200000 کەسو دهۆکیش 600000_550000 کەس دەبێت، بۆ هەر 90000 کەسێك یەك قەرەوێڵەی بەردەکەوێت.

لە کاتێکدا بەپێی وتەی پسپۆڕانی بواری دەروونیی هەموو 200 کەسێك پێویستیان بە دکتۆرێکی دەروونیی هەیە، لە ملیۆنێك کەسیشدا 200 هەزار کەس حاڵەتی دەروونییان هەیە.

بەشی دەروونیی لە نەخۆشخانەی فێرکاری لە نهۆمی سێیەمدایەو کەمترین هۆکاری خزمەتگوزاری بەرچاودەکەوێت تیایدا، لەوانەش؛ ئامێرەکانی ساردکەرەوەو گەرمکەرەوە لە ژووری نەخۆشەکانداو لە رووی بیناسازیشەوە کەمترین مەرجی تێدایە کە بگونجێت لەگەڵ بەشی دەروونییدا.

بەپێی لێدوانەکانی پسپۆڕانی بەشی دەروونیی پێویستە هەموو بەشێکی دەروونی لە نهۆمی یەکدا بێت بۆ ئەوەی کەمترین مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆشەکان هەبێت، بەجۆرێك بەرزی هەر ژوورێك کەمتر نەبێت لە سێ مەتر لە سەرووی جێگای نەخۆشەوە، چونکە حاڵەتی خەمۆکی دروستدەکات، هەروەها پێویستە باخچەی تێدابێت بۆ ئەوەی نەخۆش کاتەکانی تێدا بەسەرببات.

بەپێ ئەو سەرژمێرییانەی کە لە ساڵی 2006دا لە بەشەکەدا کراوە، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانیان کردووە 369 نەخۆش بووە، ژمارەی ئەو نەخۆشانەشی کە لە بەشەکەدا داخڵکراوە 811 نەخۆش بووە.

لەو نەخۆشانەی کە کە داخڵ کراون 42 حاڵەتیان پەرکەمو 267 حاڵەتیان تێکچوونی ژیریو 446 حاڵەتی زهانو شیزۆفرینیا بووە، یەك حاڵەتی پارکینسۆن (نەخۆشیی جەستەلەرزین)و 17 حاڵەتی سەرئێشە (شەقیقە)و 2 حاڵەتی نەخۆشی خەڵەفانو 16 حاڵەتی نەخۆشیی ئەندامییەکان، 10 حاڵەتی مودمینبوون بە کحولو 10 لەو حاڵەتانەش ئیدمان بوون لەسەر دەرمان.

دکتۆر ئەفرام خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی دەروونیی شاری سلێمانی لەبارەی داخڵکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانو چارەسەرکردنیان، وتی: "بەهۆی کەمی ژمارەی قەرەوێڵەکانەوە، ئێمە ناتوانین نەخۆش زۆر داخڵبکەین، چونکە ئەگەر رۆژانەش پێنج نەخۆش داخڵبکەین، ئەوا لە هەفتەیەکدا بەشەکە پڕدەبێتەوە". هەر لەوبارەیەوە ئاماژەی بەوەش کرد کە هەندێك لە کەسوکاری ئەو نەخۆشانە بە (تانە)ی دەزانن کە نەخۆشەکەیان لە بەشی دەروونیی بێت، بۆیە نەخۆشەکەیان دەبەنەوە بۆ ماڵەوە، هەندێك لەو نەخۆشانەش پێویستیان بە ژووری تایبەتی هەیە بۆ مانەوەی کە لە بەشەکەدا نییە.

هەروەها سەبارەت بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆش لە ژوورێکدا وتی: "بەهۆی قەرەباڵغییەوە، هەندێك نەخۆش ناتوانێت نهێنییەکانی خۆی بە دکتۆر بڵێتو جاری واش هەیە نەخۆش لەوانی ترەوە فێری نیشانەی نوێ دەبێت، کە تێدا نییە، دکتۆر ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە رێژەی تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا زیادیکردووەو وتی: "لەهەر ولاتێکدا بارودۆخ ناجێگیر بوو، رووداوی کتوپڕ زیادبوو، رێژەی تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان زیاددەکات". ناوبراو پێیوابوو کە ئەگەر لە شاری سلێمانیو دەوروبەر 100_500 کەس سەردانی دکتۆری دەروونیی بکەن، ئەوا شتێکی ئاساییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی نەخۆشیی دەروونیی بە عەیبە دەزانن، ئەوا کەمترین حاڵەت دێنە لای دکتۆری دەروونیی، لەوبارەیەوە وتی: "پاش ئەوەی نەخۆش سەردانی چەندین مەزارگەو مەلاو شێخو پیاوساڵحان دەکات، دواجار سەردانی لای دکتۆر دەکات".

دکتۆر رێبوار عەزیز خوێندکاری دکتۆرای بەشی دەروونیی منداڵو هەرزەکاران لە نەخۆشخانەی فێرکاریی سلێمانی، دەربارەی نەخۆشیی دەروونیی منداڵان ئەوەی خستەڕوو کە دیاریکردنی نەخۆشیی دەروونیی منداڵ لەدوای تەمەنی دوو ساڵییەوە دەبێت، ئەو کاتەی کە منداڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەردا دەکات، هەروەها وتی: "بەهۆی نەبوونی بەشێکی تایبەت بە منداڵان، ئەو منداڵانەی کە دێنە لامان، ناتوانین داخڵیان بکەین، چونکە ناکرێت تێکەڵ بن لەگەڵ گەورەدا".

لە کاتێکدا کە ژمارەی دکتۆری پسپۆڕ لە بەشی دەروونییدا لە کوردستاندا کەمە، لە شاری سلێمانی چوار دکتۆری پسپۆڕی دەروونیی تێدایە کە دووان لەوانە عەرەبنو بەهۆی باری ئەمنییەوە هاتوونەتە کوردستان، دکتۆر رێبوار لەوبارەیەوە وتی: "لە هەموو کوردستاندا ژمارەی دکتۆری دەروونیی ناگاتە 10 دکتۆر". هەندێك لەو نەخۆشانە پێویستییان بە توێژەری کۆمەڵایەتیی هەیە بۆ ئەوەی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بکۆڵێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا لەم بەشەدا توێژەری کۆمەڵایەتیی نییە.

سەلاح حەسەن چارەسازی دەروونییو بەرپرسی بەشەکە، لەبارەی کەموکورتییەکانی بەشەکەوە ئاماژەی بەوەدا کە بەبەراورد بە ساڵانی رابردوو، پەرەپێدانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ بەشێکی دەروونیی پێشکەوتوودا، ئەوا ئێمە دواکەوتووین. هەروەها باسی لەوەش کرد کە پێداویستیی ناو بەشەکە گونجاو نییە بۆ نەخۆشیی دەروونیی، جگە لەوەی کە بیناکە کۆنەو پێوستە بگۆڕدرێت.

ناوبراو لەبارەی نەبوونی ئامێرەکانی ساردکەرەو گەرمکەرەوە لە بەشەکەدا وتی: "ئێمە هاوینان موبەریدەیەك لەناو هۆڵەکەدا دادەنێین لەبری سپلێت، بۆ ئەوەی نەخۆش دەستی پێدانەکات، تەلی لێدەدەین"، هەروەها وتی: "ژووری ئەو خوێندکارانەی کە بۆردی تێدا دەخوێنن، تاوەکو ئێستا سپلێتێکی تێدانییە".

دەربارەی بەشی دەروونیی منداڵانیش، ئەوەی خستەڕوو کە لە هەوڵی ئەوەداین جێگایەکمان هەبێت بۆ منداڵان کە ئەگەر ئێمە لە بەشەکەدا تەنها ژوورێکیشمان هەبێت لەگەڵ دەروونیی منداڵاندا بگونجێت، ئەوا شتێکی باشە، پێویستە ئەو ژوورەش دووربێت لەو کەیسە گەورانەی کە لە بەشەکەدا داخڵدەبن.

فایزە کە لەناو ژووری یەکێك لە دکتۆرەکاندا دانیشتبوو، پرسیارمان لێدەکرد، هەندێك جار دەستی بۆ کانۆلاکەی دەبردو سەری دادەخستو سەیری پەنجەرەکەی دەرەوەی دەرکرد، هیوادار بوو کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ناو پۆلەکانی خوێندن، کە ماوەی سێ ساڵ بوو بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لێیدابڕابوو، ئەو وتی: "هیوام وایە کە جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ خوێندن، چونکە زۆر حەزم لە خوێندنە".